

# کەژاڵ ئیسماعیل:
# فانتازیا گرنگترین ئامرازی دەربڕینە

**شیعر و ژن... ئەم دوالیزمە ناسکەی کە لە مرۆڤێکدا ئاوێتەبوون، ئاوێتەبوونێک پڕاوپڕ لە توانەوە لە خەیاڵی قەسیدەدا و سەرمەست بە کەنارەکانی ڕۆمانسییەت... ئەو.. کەنارییەکی سەرهەڵگرتووە، باڵێکی بانە و باڵەکەی تری سلێمانی و ئەمێستاکەش وەک شالوڕێکی دڵ پڕ لە عەشق لە وڵاتی گوڵەوە ئاوازەکانی عەشق و پەیامەکانی مرۆڤایەتی دەچڕێت..**

**کەژاڵ لە ماوەیەکی کورتدا توانی زۆرترین خوێنەر بۆ خۆی دروست بکات لەم دوو ساڵەی دوایدا زۆرێک تێکستی بەرهەم هێنا کە خەیاڵی زۆر کەسیان ڕاپێچی کۆڵانەکانی پرسیار و گەڕان بە دوای شاعیردا کرد.**

**ئا: چنار نامق**

*** کەژاڵ کێیە؟**

- کەژاڵ، دڵی ماڵی میهرەبانی و شیعرە، لێوەکانی هێلانەی زەردەخەنەیەکی حەزینن و هەناویشی سیخناخە لە ئازارەکانی ژنێک.

من ژنێکم شانازی بە ژن بوونم ئەکەم، پڕ بە دونیا هاوار دەکەم ژن مەزنترین دیاری ئیلاهییە بۆ پیاو، توخوا چیتر مەیبوغزێنن، من دایکی «تەرزە» و «ترێ»م هەرگیز ڕێگە نادەم پیاوێک پێیان بڵێت بوونی ئێوە مەرغوب نییە.

*** سەرەتاکانی ئاشنابوونت بە شیعر و ئەوەی شیعری لای تۆ کردە خولیا؟**

- هەرچەند زۆر جار وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە، هەوڵ ئەدەم بەکورتی وەڵام بدەمەوە. ئاشنابوونم بە شیعر وەک ئارەزوو ئەگەڕێنمەوە بۆ ساڵانی منالیم. زۆر حەزم بەخوێندنەوە بوو، جا چ بە زمانی کوردی یان عەرەبی. هێشتا لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بووم دیوانی زۆربەی شاعیرە بەناوبانگەکانم هەبوو، بۆ نموونە دیوانی (تاریک و ڕوون)ی هێمن، بەردەوام ئەمخوێندنەوە و بایەخم ئەدا بە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو کاتە بەتایبەت گۆڤاری (بەیان) کە دەرگایەکی بۆ ئەدەب و شیعر کردبۆوە بۆ بەهرەمەندان. هەندێ جار شیعرم ئەنارد بۆ ئەو گۆڤارە و دوو جار شیعری من بلاو کرایەوە، بەلام بەداخەوە ژمارەی گۆڤارەکانم لەبیر نەماوە. بەردەوام خاتیرەو پەخشان و شیعرم دەنووسی و ئێستاش هەندێک لەو بابەتانم هەرماون. ئەوی شیعری لای من زیاتر خۆشەویست کردبوو، شیعرەکانی حەزرەتی «نالی» بوون کە هێندە چووبوومە ناو شیعرەکانی، هەستم ئەکرد لەو دونیایەدا دەژیم. بەداخەوە سەرقالیم بەوەی ژیانی تایبەتی خۆمەوە زۆر دووری خستمەوە لەو بەهرەیە، هەڵبەت ناڵێم لە شیعر نووسین وەستام، بەڵکو دەرفەتی بلاوکردنەوەم نەبوو ئەمەش گەلێک لە کاروان دوای خستم.

*** دەڵێن شیعر و ژن وەک یەک ناسکن بۆیە ژنان زیاتر شیعر دەنووسن و بەژانرەکانی تر ناوێرن، ئێوەچۆن لەم قسەیە ئەڕوانن؟**

- ناسکی ژن ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو هەست و سۆزو خۆشەویستییەی وا لە دەروونیدایە، وێڕای ئەوەش بەدرێژایی مێژوو ژن بە ڕەگەزی ناسک واتە (الجنس الناعم) دانراوە. هەروەها ژن، زیاتر لەپیاو خاوەنی ڕۆمانسییەتێکی گەورەیە، دیارە ئەمەش هەموو ژنێک ناگرێتەوە.

ژن زیاتر هەست بە جوانی دەورووبەرو تەبیعەت ئەکا. زووتر ناخۆشی و ئازار و خەمۆکی هەستی دەورووژێنێت. شادی و خۆشیش زۆر خێرا کار لە ئیحساس و دەروونی دەکات و ناخی دەبزوێنێت.

بێگومان ئەوەی کەژن و شیعر وەک یەک ناسکن قسەیەکی تارادەیەک راستە. بەڵام ئەوەی کە بۆ ژن لەچاو هەموو ژانرەکانی دیکە زیاتر ڕوو لە شیعر دەکات، هۆی تایبەتی خۆی هەیە کە هەوڵ ئەدەم بەکورتی وەڵامی بدەمەوە. هەروەک ئەزانین، شیعر بەر لەهەموو ژانرێکی تر بۆتە ئامرازی دەربڕینی ویست و خوازەکانی مرۆڤ. هەروەها نەتەنها ژنان، بەڵکو پیاوانیش هەر لەرێگەی شیعرەوە ڕوویان لەجیهانی ئەدەب کردووە. بێ لەمەش، شیعر ڕەنگدەرەوەی جۆرێک هەوڵ و نیازی نائاگایانەی مرۆڤەکانە بۆ بەردەوامیی ژیان و مانەوە و خۆڕاگری و، بەڕای من ژن کانگەی ژیان و جوانی و خۆشییەکانن. بۆیە زۆر سروشتییە کەژنانیش بەر لەژانر و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر ڕوو لەدونیای شیعر بکەن.

هەڵبەت ئەوەش بڵێم کە ژن، سەرەڕای بواری شیعر لەبوارەکانی تریشدا جێ پەنجەی دیارە هەرچەن کەمیش بێت.

*** لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا ئافرەتی دیاری نێو کایەکانی رۆشنبیریی دەرنەکەوتوون وەک ئەوەی نالی یان مەولەوی یان خانی و چەندین ناوی تر دەرکەوتوون، کێ بەرپرسە لەم دەرنەکەوتنە، کۆمەڵگەیان خودی ژنان؟**

–دەرنەکەوتنی ژن لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا و بەتایبەت لەئەدەبی شیعر نووسیندا ئەگەڕێتەوە بۆساڵانێک زۆر بەر لەئێستا، واتە ئەو دەمانەی (مەلای جەزیری، خانی و نالی) ئەستێرەیان لەئاسمانی ئەدەب و شیعری کوردیدا ئەدرەوشایەوە، هۆی کۆمەڵایەتی و دینی هەبووە. واتە نەتەنها لەکوردستان، بەڵکو لەزۆربەی شوێنەکانی دیکەی جیهان ژن بەگشتی رۆڵێکی وەهای نەبووە یان پێی نەدراوە کە لەگەڵ پیاوان بەراورد بکرێت، ئەگەر بشبووبێت کەس گرنگی پێنەداوە. شایەتی ئەو ڕاستییەش ئەو کتێبە کوردیانەن کە باس لەمێژووی ئەدەبی کوردی دەکەن. بۆ نموونە لەکتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی ـ عەلاددین سەجادی) کە باس لەمێژووی ئەدەبی کوردی دەکات لەسەرەتاوە هەتا ناوەراستی سەدەی بیستەم بەتەنها باس لە ئەدەب و شیعری پیاو دەکات و باسی لە ئەدەبی ژن نەکردووە و ناوی یەک ژن نەهاتووە. هەروەها «ڕەفیق حلمی» لەکتێبی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی) دا لە هەردوو بەرگەکەیدا ناوی زیاد لەبیست شاعیری سەدەی بیستی بەنموونەی شیعرەکانیانەوە هێناوە. گومان لەوەدا نییە ئەگەر ژنیش وەک پیاو دەوری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی هەبوایە،لەبواری شیعرو ئەدەبدا چالاک دەبوو، حەتمەن ئەویش ناوی دەخرایە پاڵ ئەو کەڵە شاعیرانە و باسی لێوەدەکرا. بەڵام هەروەک گوتم تا ماوەی چەند دەساڵێک لەمەوبەر، نەژن خۆی پێی وابووە دەبێت خاوەنی ئەم ئەرکەبیت و، نەکۆمەڵگەش ئەو ڕۆڵەی پێ رەوا بینیوە. دیارە ئەمە خۆی بۆخۆی، جێی نیگەرانی و ئەسەفە کە لە کۆمەڵگایەکی خاوەن مێژووی پڕ لە شیعرو ئەدەب، ژن بەو شێوەیە ناوی ونە، گەر هەشبێت یان زۆر کەمە یا ئەو بایەخەی نەدراوەتێ. دیسان ئەمە جەخت ئەکەمەوە کە هۆکاری نەبوونی ناوی ژن، باری کۆمەڵایەتی و زاڵ بوونی نەریتی دینی و پیاو سالارییە و، ژن لەو سەردەمانەدا، وێڕای نەبوونی خویندەواری و ڕۆشنبیریی، سەرقاڵی بەخێوکردنی مناڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ و مێرد بووە.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو هەموو ناخۆشی و شۆڕش و زوڵم و زۆرییەی بەسەر میللەتی کورددا هاتووە، ئایاجێی ئەوەی نەبووە ژنێکیش ناوی بچێتە پاڵ ناوی کەڵە پیاوانی خاوەن قەڵەمەوە؟ هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد، لەم بارەوە پێم وابێت کۆمەڵگە زیاتر خەتابارە. ئەگەر کولتووری پیاومەزنیی و دابونەریتی ئایینی رێگەی بەژن بدایە، ئێستا ناوی دەیان ژن، دەبوونە زەخیرە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی ئەدەبی کوردی.

*** ئەو قەڵەمانەی ژنان ئەمرۆ لە پانتایی ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعردا بەتایبەتی دەرکەوتوون تاچەند ئەکرێت بینە دەنگی تایبەت؟**

– ئەرستۆ لەکتێبی (هونەری شیعر)دا دەڵێت: «ئەبێت ئەقڵ لەشیعردا سەرمەشق بێت..». هەر لە هەمان کتێبدا دەڵێت: «مێژوونووس باس لەو شتانە دەکات کە روویان داوە بەڵام شاعیر باس لەو شتانە دەکات کەلەوانەیە ڕووبدەن». کە واتە شیعر ئەبێتە مێژوو، جا کە هونەرێک ئاوا گەورە و بەنرخ بێت، دەبێت هێندێک خەسڵەت و تایبەتمەندی بەرز لەخۆ بگرێت هەتا خاوەنەکەی ببێتە دەنگێکی تایبەتی هەمیشە زیندوو.

ڕاستە ژمارەیەک ژنمان هەن توانیویانە پانتاییەک لە شیعری ژنانە داگیربکەن، بەڵام بوونیان بە دەنگێکی تایبەت پابەندە بە تواناو بەهرەی خۆیانەوە.

من لێرەدا نامەوێ ناوی کەس بدرکێنم، بەڵام تا ئەو جێیەی خۆم بگرێتەوە، من هەوڵ ئەدەم هەرچی ئەینووسم تیشکدەرەوەی ڕەنگ و دەنگ و سیمای ژنانەی خۆم بێت. واتەشیعرەکانم زیاتر بیر و هەست و نەست و ویست و نیازی رۆحی خۆمی تیادا بەرجەستە ئەبێتەوە.

*** لە زۆر جێگادا باسی ئەدەبی ژنانە دەکرێت، بە بروای ئێوە ئەدەبێک هەیە بەو ناوەوە؟ ئەگەر هەیە سیما و خەسڵەتەکانی چین؟**

– ئێمەئەگەر خاوەنی کۆمەڵگەیەک بووینایە کەتیادا ژن و پیاو یەکسان بونایە، بێگومان باسێک لەئەدەبی (پیاوانە)و (ژنانە)زۆر نابەجێ و نەگونجاو دەهاتە بەرچاو. بەڵام لەبەر ئەوەی بەداخەوە ژن لەزۆربەی کۆمەڵگاکان وەک کۆیلەتەماشا ئەکرێت، شک لەمەدا نییە کە ویست و نیازەکانیشی ئەبێت لەگەڵ هی پیاو فەرقی هەبێت. مادام وایە ئەدەبەکەشی کە بوارێکە بۆ گۆڕینی دونیای واقیع و هەروەها جوانکردنی ژیان، ئەبێتە ئەدەبی ژنانە.

بەتایبەتی شیعر، وەک ژانرێکی خەیاڵاوی و فانتیزی کەگرنگترین ئامرازی دەربڕینە و لەناخی مرۆڤەکانەوە هەڵدەقوڵێت، زۆر زووتر کار لە هەستی مرۆڤ دەکات. ژنیش بەو ناسکی و میهرەبانییەوە لە رێگەی شیعرەوە دەتوانێت زۆر خێرا هەست و سۆز و خۆشەویستی و ئازارەکانی خۆی بگەیەنێتە کۆمەڵ. ئەگەر بەراوردێک لەنێوان شیعری ژن و شیعری پیاودا بکەین حەتمەن ناسکی و ساکاری و جۆرە ئاوازێکی تایبەت بەدەنگی ژنانە لە شیعری ژندا ئەبینین، کەلای پیاودا نایبیسین و نایبینین.

بەکورتی، هەرکەس یان هەر ژنێک بەیارمەتی خەیاڵ و فانتیزی، بتوانێ تەواوی لایەنە دزێو و خراپەکانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئایینی کە تەگەرە دەخەنە بەردەم کۆمەڵگەو نایەڵن ژن ئەرک و ڕۆڵی شیاوی خۆی بگێرێت، ئەوا ئەو دەنگە دەنگێکی ڕەسەنی ژنانەیە و تەبعەن لەگەڵ دەنگی پیاو کەخاوەنی گەلێک بەرژەوەندییە و لەژن خواپێداوترە، جیاوازی هەیە.